گۆڤاری Zeitonline
27.9.2014
ڕەحیم بەهرام زادە لە ئاڵمانییەوە کردوویە بە کوردی

لە باکووری سوریا هێزەکانی داعش "کۆبانی"یان گەمارۆ داوە. خانمە سەرۆکی ناوچە هۆشداری دەدا و باسی ئاکامی کارەساتاوی دەکا ئەگەر بە خێرایی یارمەتییان نەگاتێ.

**وتو وویژی موریبل رایخل لەگەڵ خانمی عەبدوڵا**

گۆڤاری تسایت: خاتوو عەبدوڵا، ئێوە ئێستا لە لە کۆبانین (عەرەب دەبێژن عەینول عەرەب) تیرۆریستەکانی داعش بەردەوام لە باژێر نزیک دەبنەوە. ئێوە کارەباتان هەیە؟ خواردن وەچنگ دەکەوێ؟

ئاسییە عەبدوڵا: کێشەی ئێمە لەوە گەورەترە کە بیر لە ورگمان بکەینەوە. هەموو بیری ئێمە لەسەر پاراستنی کوبانی چڕ بۆتەوە.

گۆڤاری تسایت: تیرۆریستانی داعش ئەوەندە نزیک بوونەتەوە کە ئێوە گوێتان لە تەقەی هاوەنەکانیانە. ئەوە ڕاستە؟

ئاسییە عەبدوڵا: هێزەکانی داعش لە هەموو لایەکەوە نزیک دەبنەوە و ناوەندی باژێریان کردۆتە ئامانج.

گۆڤاری تسایت: خەڵک نەگوێزراونەتەوە؟

ئاسییە عەبدوڵا: ئەگەر بە چەکی قورس هێرش بکرێتە سەر کوبانی ئەوە باژێر چۆڵ دەکرێت. هێشتا لە گوندەکانی نێوان کۆبانی و تورکیادا خەڵک نیشتەجێن و هێرشکەران نەگەیشتوونە نزیک ئەوان. ئەگەر ئەوە ڕوو بدا دەبێ ژن و منداڵ لە سنوری تورکیا بپەڕێنەوە و پیاوان دەمێننەوە پارێزگاری لە شارەکە دەکەن.

گۆڤاری تسایت: بەڵام لە نێو هێزی یەکینەکانی پاراستنی گەل ژنانیش دەجەنگن. ئەوە ڕاستە؟

ئاسییە عەبدوڵا: بەڵێ چەند سەد کەسێک ژن لە نێو ئەو هێزەدان و چەند ژنیش تا ئێستا کوژراون.

گۆڤاری تسایت: هەست بە کاریگەری هێرشەکانی ئەمریکا و هاپەیمانەعەرەبەکانیان دەکەن؟

ئاسییە عەبدوڵا: هەر هەستی پێناکەین. هاوپەیمانان بۆمباران دەکەن؛ بەڵام نەک لە نزیکی ئێمە. ئەو هێرشانە دوور لە ئێمە ڕوو دەدەن و تەنانەت نابنە هۆی ئەوی بەری پێشڕەوی خێرای داعش بگرن. جگە لەوە تیرۆریستەکان بەردەوام هێزی پاڵپشت و چەکی پیشکەوتوویان لە ڕەقعە و موسڵەوە بۆ دێ. بێ یارمەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکییەتی ئوروپا و هاوپەیمانانی دیکە، ئێمە دەرتانێکمان نییە.

گۆڤاری تسایت: کۆبانی لە گەمارۆی دوژمندایە. ژیان لەوێ چۆنە؟

ئاسییە عەبدوڵا: خەڵکی زۆر لەوە دەترسن کوشتارێکی هاوشێوەی شنگار ڕوودا. بەڵام سەرەڕای ئەوە ژیانیش هەر جۆرێک بێ بەڕێوە دەچێ. خەڵکی لەدەرەوەن و وەدووی ژیانی ڕۆژانەوەن.

گۆڤاری تسایت: پێداویستی برینداەکانتان بە شێوەی پێویست دابین دەکرێ؟

ئاسییە عەبدوڵا: ئێمە ناوەندێکمان بە مەبەستی عیلاج بەدی هێناوە و ئەوەندەی بۆمان دەکرێ ئەرکی خۆمان بەجێ دێنین. ئێمە یاریدەر و دوکتورمان هەیە؛ بەڵام دەرمان و پێداویستی تێکنیکیمان زۆر کەمە. نەک هەر برینداران، بەڵکوو نەخۆش و منداڵانیش کێشەیەکی گەورەن.

گۆڤاری تسایت: ئێوە گوتتان زۆر خەڵکی دەور و بەرتان ئاوارە بوون. یارمەتی بەوان دەگا؟

ئاسییە عەبدوڵا: ئێمە تیمی دوکتوری گەڕۆکمان هەیە و خواردەمەنی و پێداویستیش، کە لە تورکیا و کانتۆنەکانی دیکەوە دێن بڵاو دەکەینەوە. ئەوەی پێمان بکرێ دەیکەین.

گۆڤاری تسایت: ئێستاش هۆمێدتان هەیە یان هەست بە بێ هیوایی دەکەن؟

ئاسییە عەبدوڵا: تەحەمولی ئەو هەل و مەرجە زۆر دژوارە. کاتی ئەوەم نییە بیر لە هیوا و بێ هومیدی بکەمەوە. ئێمە تەنیا بیر لە پاراستن دەکەینەوە.

گۆڤاری تسایت: پاراستن بە چ شێوەیەک؟ یەکییەتی پاراستنی گەل چ شانسێکی نییە دژی ئەو تیرۆریستە پڕ چەکانە.

ئاسییە عەبدوڵا: ئەگەر هاپەیمانانی نێو نەتەوەیی گەرەکیان بێ لە داعش بدەن ئەوە یەکییەتی پاراستنی گەلیش هاوکاری دەکا. ئەوە تەنیا رێگایە بەری ئەوان بگرین و خەڵکی خۆمان رزگار بکەین.

گۆڤاری تسایت: جار بەجار وێنە بڵاو دەبێتەوە و ئەسیرەکانی داعش بەدەست یەکییەتی پاراستنی گەلەوە دەبینرێن. چی لەو دیلانە دەکەن؟

ئاسییە عەبدوڵا: ئەوە پرسێکی سپاییە و جار بەجار دیل هەن. من لەوبارەوە ناتوانم هیچ ئاگادارییەکتان بدەمێ.

گۆڤاری تسایت: ئاڵمان چەک بۆ کوردەکانی عێراق دەنێرێ. دوای ئەوەی 'ئورزولا فۆن دێر لاین' و سەرۆکی هەریمی کوردستان یەکتریان بینی. پرێزیدێنت مەسعود بارزانی سەرۆکی ناوچەی ئاوتۆنمی کوردی عێراق رایگەیاند پڕ بەدڵ پێی خۆشە پێشمەرگە بۆ کۆبانی بنێری، بەڵام هەل و مەرجی جۆغرافیایی بەرگرە. لەو بارەوە ئێوە چ دەبێژن؟

ئاسییە عەبدوڵا: ئێمە منەتباری هەموو یارمەتییەکین، چ لە لایەن کوردەوە، چ لەلایەن یەک لەو چل ئەندامەی وا دژی تێرۆری داعش یەکیان گرتووە.

گۆڤاری تسایت: ئەگەر کۆبانی بکەوێتە ژێر دەستی تێرۆریستانی داعش چ روو دەدا؟

ئاسییە عەبدوڵا: ئێمە ناخوازین و ناکارین کۆبانی رادەستی ئەو تێرۆریستانە بکەین. ئەگەر یارمەتی نێونەتەوەیی ببێ، دەتوانین بەری تێرۆریستان بگرین، ئەگینا کارەسات روو دەدا.